# ئابروو کرینەوە بۆ ئیسلام لەپیناوی چیدایە؟!

**لەپەراویزی کۆبونەوەکەی مەسعود بەرزانی لەگەڵ مامۆستایانی ئایینی هەولیردا**

**محمـــد غفـــور**

**مەسعودبەرزانی لەکۆبوونەوەی دوینێی لەگەڵ مامۆستایانی ئایینی شاری هەولیردا، بەشوین چەند مەبەست وئامانجی سیاسییەوەیە. بەرلەهەرشتیك ئەوە ئاشکرایە بۆ هەمووان کەنەبەرزانی وحیزب وحکومەتەکەی تیرۆریزمی ئیسلامییان پێ بنەبردەکرێ ونەمامۆستایانی ئایینیو وەزارەتی ئەوقافیش کاریان ئەوەیە. نەکەسیش چاوەڕووانی ئەمەیان لیدەکاتو نەخۆشیان قسەی وایان کردووە.ئەوەی بەرزانی باسی یاسای مکافەحەی تیرۆر دەکات ڕووپۆشیکە بۆ ئەرکیك کەلەئەستۆی گرتووە. بەڵام باندەکەی شیخ زانا بەباشترین شیوە دەریخست، پەلهاویشتنی ئیسلامی سیاسی لەکوردستان، بەهۆی سیاسەتی چەوتی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە بووە. دەسگیرۆییان لیکردن وپارەوپوولی زۆریان لەداهاتی خەلکی کوردستان بۆهەلرشتن وتەنانەت لەحکومەتەکانیشیاندا شەریکیان کردن. لەوەش زیاتر مەلا ومینبەری مزگەوتەکان ووەزارەتی ئەوقاف وشوینە ئایینیەکان ودەزگا وکەنالەکانی ڕاگەیاندنیان خستە ئیختیاریانەوە نەك هەر بۆ ڕژاندنی ژاراوی ئایینی، بەلکو بۆ پەخشانەوەی فتوای کوشتنی کۆمۆنیستەکان وکوشتنی ژنان لەریگای شەرەف ونووسەرانی چەپ ورادیکاڵ وئازادیخوازان. یەکەمین ئامانجیك کەبەرزانی شوینی گرتووە هەولیکی پووچە بۆدەرکیشانی ئیسلام، لەژیر باری نەفرەتیکی کۆمەڵایەتی سەرتاپاگیردا لانی کەم لەکوردستان، وەسپیکردنەوەی ڕووی دزیوی کەبەهۆی ئاشکرابوونی باندەکەی شیخ زاناوە بەرەورووی بۆتەوە، هەروەها وەکو نەریتیکی فکری وسەرچاوەیەکی قووڵ وزەبەللاحی گیژکردن وپەخشانەوەی خورافاتی دینی وژاراوی کۆنەپەرستیی، کەهاوپەیمان وئاویزانە لەگەڵ خورافەی نەتەوەپەرستیدا. ئەوەتا بەرزانی دەلی:"بۆ ئیمە وەکو کورد جێی سەربەرزیی بووە، هەمیشە میللەتی کورد دووربووە لەم جۆرە ڕەفتارانە..ئەمانە ئیسلام نین، دوژمنی ئیسلامن..". مەبەستی ئەوەیە کەگوایا تائیستا لەکوردستان ئیسلامی سیاسی بەمراددەیە چالاك وگەشەکردوو نەبووە، ودەسەڵاتداریتی ئەوانی ئیحراجنەکردووە، ودەلی زۆر پێیان لی ڕاکیشاوە. ئەویش بەمشیوە سەرسووڕهینەرە "لانی کەم بەلای بەرزانییەوە!" کەلەریگەی لاقەکردن وئیغتیسابی کچان وتەنانەت کورانیشەوە نزیك**

به10ساله چالاکی سیاسی جۆراوجۆر وکاری تیرۆریستی ودرندانه ئەنجامدەدەن. یانی بزووتنەوەی کوردایەتی، وئیسلامیش وەکو سەرچاوە وپالپشتیکی باشی شیلراو لەگەڵ وەهمی قەومیدا نەخشیان بووە لەئالوودەکردنی کۆمەلگای کوردستان بەمۆرانەی کوردایەتی، وبەکیشکردنی خەلکی ستەمدیدە بەشوین ئامانجە تایبەت وحیزبییەکانی ئەواندا. وەسەرەنجامیش سەپاندنی دەسەڵاتی میلیشیایی ئەحزابی ناسیونالیستی تیایدا. سەرنجی ئەم قسانەی بەرزانی بدەن:" لە شۆڕشی ئەیلوول مەلا چەکی هەڵدەگرت و دەچووە جەبهەو شەڕیشی دەکرد و گوند بە گوندیش دەگەڕا خەڵکی بەگیانی کوردایەتی و بەگیانی نەتەوەیی پەروەردە دەکرد، وای لێدەکرد کە پێشمەرگە بە پیرۆز بناسێ، کە فیعلەن موقەدەسە، خەڵکەکەی هاندەدا و گەنجانی هاندەدا بۆ ئەوەی ببنە پێشمەرگە بۆ ئەوەی ئامادەبن لە پێناوی وڵاتەکەیاندا بمرن، وایان خەڵکەکە پەروەردەکرد بوو، کە ئەگەر دین و نەتەوە تێکەڵ نەکات، ناقسە، چۆن وڵاتی تۆ داگیرکراو بێت، تۆش پێت بکرێ بەرگری لە عەرز و نامووس و نیشتمانت، ئەگەر نەیکەی یانی تۆ دینت نوقسانە،". لەگەوهەردا جیاوازی چییە لەنیوان ئەم مەنتیق ولیکدانەوەیەی بەرزانی وبزووتنەوەی کوردایەتی بۆ بڵاوکردنەوەی عەشق بەفیداکاری ومردن وشەهیبوون لەریگای خاك ونیشتمان وکوردایەتیدا! لەگەڵ کردەوەی خۆکوژی وتەقاندنەوە وکوشتنی کویرانەی خەلکی بێدیفاع ومەدەنی لەلایەن عاشقانی بینینی "نووری خودا" وگیانبازانی ریگای حۆری وئاوی کەوسەری بەهەشت لەلایەن ئیسلامییەکانی لەچەشنی شیخ زانا وهاوەلەکانییەوە، دیارە ئەوانیش لەپیناوی بەقەرارکردنی دەسەڵاتی خودا وقورئان لەسەر ئەرزدا!؟بەرزانی گلەیی ئەوە لەمامۆستایانی ئایینی دەکات کەبۆچی بایانداوەتەوە بەلای ئیسلامی سیاسیدا وئیستا وەکو جاران بانگەشە بۆ فیداکاری لەریگای کوردایەتیدا ناکەن! ئیسلام ومەلا ومزگەوت وسەرتاپای پیشەسازی دین دەبێ بۆ قبوڵاندنی دەسەڵاتی عەشیرەیی ئەمان بێ بەسەر خەلکدا. هەرکەسیك لەم ریگەیە لابدات دوژمنی خودا وئیسلام وکوردایەتیە!وپیوانەی رەوشتیش لای ئەو هەر ئەمەیە.

کارنامەی رەش وچەپەلی ئیسلام ورەوتە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی بەرادەیەکی بەرچاو بۆ خەلکی جیهان ولەوانەش خەلکی کوردستان ئاشکرابووە، ولەبنەرەتدا بزووتنەوەی ئیسلامی جگە لەتیرۆر وتیرۆریزم سیاسەت وریبازیکی دیکەیان نییە بۆ مانەوە وژیانکردن.ئیسلام وتیرۆریزمی ئیسلامی دوژمنی ژیان وشادی وخۆشی وهەموو دیاردەیەکی جوانن. ئیسلام ئەم

دنیایە بەتاقیگەی "عەبدی گوناهکار"دەزانێ، ودەبێ هەرچی زووە ئەم پرۆسەیە تەواوبکرێ، ئەویش بەتیرۆری کویرانە. گرنگ نییە کێ پیوە دەبیت. گرنگ ئەوەیە موجاهدینی ریگای خودا ترس وخۆف وتۆقاندن بخەنە دلی خەلکەوە. ئەوان دەلین یاحوکمی خودا وقورئان یاخود غەزا وکوشتار بۆ سەپاندنی ئەو حوکمە. وجودی ئەمریکا لەعیراق وبیچارەسەرمانەوەی مەسەلەی فەلەستین، باشترین زەمینەسازی کردووە بۆ نەشونماکردنی ئیسلامی سیاسی لەناوچەکە وعیراق وکوردستانیش. بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردیش ئەمما لەپیناوی شتیکی جیاوازتردا وبەشیوازیکی دیکە، لەریگەی داپۆشینی سەرتاپای کۆمەلگاوە بەوەهم وخورافەی قەومیی، هەموو شتیك ئەنجام دەدەن، وهەموو کاریك دەکەن! گرنگ نییە چی روودەدات، وخەلك چییان بەسەردیت. گرنگ ئەوەیە نەعرەتەی قەومی گەری چەخماخە لیبدات وخەلك ئالوودە بکات! هەر سیاسەتیك وکاریکی ناجوامیرانە دەگرنە پیش. جەنگی ناوخۆ، ئەتك کردنی ئەسیری یەکتر، ریسوا وترۆکردنی دۆست ولایەنگری بەرامبەر. تیرۆر وفتکردنی موخالیفانی سیاسیان. تەنانەت جاسووسیکردن بۆ بەعس ودەولەتانی ناوچەکە. سازش ومامەلە بەسەر چارەنووسی خەلکەوە، پیشلەشکری بۆ سوپای دەولەتی مەرکەزی ودەولەتانی ناوچەکە...تد. سەیر نییە کەبەرزانی ئەرکی رووسپیکردنەوەی ئیسلامی لەئەستۆ گرتووە. چونکە بەهەر رادە کەکۆنەپەرستی ئیسلامی لەبەرپێی خەلکی ئازادیخواز ومۆدیرنخوازدا شکست بهینێ، بەو رادەیەش هەوری چلکنی خورافەی نەتەوەپەرستی بەسەر زەین وهۆش وژیانی خەلکی کوردستانەوە ئەرەویتەوە. وەریگا بەرووی بنیاتنانی کۆمەلگایەکی ئازاد وسکۆلاردا ئەکریتەوە. روخساری هاوچەخی ژیانی خەلکی کوردستان بەگشتی ولاوان بەتایبەتی، وروهینانیان بۆ شیوەی ژیانی مۆدیرن ورۆژئاوایی، بەپیچەوانەی کۆنەپەرستی ئیسلامی وخورافەی قەومییەوە، نیشانی دەدات کەئەم خەلکە عاشقی ژیانە وبەتووندی دژی هەردووکیانە. بۆیە بەشوین ئەم ریسواییەی کەبەسەر ئیسلامدا هاتووە بەدوای ئاشکرابوونی باندەکەی شیخ زانادا، ئەتوانن بیکەنە دەروازەیەك بۆچوونەناوەوەی خەلکی کوردستان بەئاقاری لەکارخستنی خورافەی نەتەوەچیتیشدا بۆ هەمیشە، وەهەنگاونان رووە وژیانیکی خۆشتر.

2005–07–25